سێ شت هەیە بەڕاستی بووترێت بەڕاست دادەنرێت، وبە گاڵتەیش بووترێت هەر بەڕاست دادەنرێت: مارەیی کردن، (وتەڵاق، وگەڕانەوەی (ئافرەتی تەڵاقدراو: الرجعة

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سێ شت هەیە بەڕاستی (بە جدی) بووترێت بەڕاست دادەنرێت، وبە گاڵتەیش بووترێت هەر بەڕاست (بە جدی) (دادەنرێت: مارەیی کردن، وتەڵاق، وگەڕانەوەی (ئافرەتی تەڵاقدراو: الرجعة».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەرکەسێک دەستەواژەکانی: مارەیی کردن، وتەڵاق، وگەڕانەوەی (ئافرەتی تەڵاقدراو: الرجعة)؛ بەڕاستی (بە جدی) یان بە گاڵتە بڵێت ئەوا حوکمەی ڕووەدات، ومەبەست ئەوەیە مەبەستبوون و بەڕاستی (جدی) بوون وگاڵتەکردن لە کاتی ووتنی دەستەواژەی ئەم بابەتانە یەک حوکمی هەیە، هەرکەسێک کە سەرپەرشتیاری (وەلی ئەمری) کچێکە ڕازی بێت لەسەر گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەی یان خێزانەکەی تەڵاق بدات یان بیگەڕێنێتەوە؛ ئەگەر بیڵێت ئەوا حوکمەکەی دەبێت جێبەجێ بکرێت، ئەگەر بەڕاستی -جدی- یان بە گاڵتە ئەمە بڵێت، چونکە بژاردەی لە هەمان دانیشتندا گرێبەستەکە هەڵبوەشێنرێتەوە (خیار مجلس) و گرێبەستەکە قبوڵ بکرێت لەسەر چەند مەرجێکی دیاریکراو بێت (خیار شرط) بوونی نییە لەم جۆرە گرێبەستانەدا. ئەم سێ بابەتە گەلێک گەورەن لە شەریعەتدا و پلەوپایەیەکی بەرزیان پێدراوە؛ بۆیە نابێت یاریان پێبکرێت وبە گاڵتە دابنرێن، هەرکەسێک شتێک لە دەستەواژەکانیان بڵێت دەبێت ولەسەریەتی حوکمەکەی جێبەجێ بکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58142